خەبات وەرزش

294
یەکشەممە 2010/9/5
8 لاپەڕە
250 دینار

## یەکەمی ئێراق 100 ملیۆن دینار خەڵات دەکرێت

یانەی پاڵەوانی خولی ئێراق، بڕی 100 ملیۆن دینار وەردەگرێت و یانەکانی دیکەیش بە پێی ڕیزبەندییەکە بڕە پارەیەک وەردەگرن. یەکیەتیی تۆپی پێی ئێراق ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە یانەی پاڵەوانی خولی ئێراق بڕی 100 ملیۆن دینار وەردەگرێت. هەروەها ئەوەیشیان خستووەتە ڕوو، کە یانەی خاوەن پلەی دووەم 75 ملیۆن دیناری دەدرێتێ و یانەکانی خاوەن پلەی سێیەم و چوارەمیش 50 ملیۆن و 25 ملیۆن دینار وەردەگرن. جـێـی سەرنجە، یانەی هەولێر لەو خولەدا پلەی چوارەمی بە دەست هێنا و 25 ملیۆن دینار وەردەگرێت.







**3** پروپاگەندەکان لە هاوین گەرمتربوون

**4** پەشیمانی دادت نادات

**5** ئەوانە لە خەیاڵدا دەژین

## ئەمڕۆ لە مۆندیالی ئافرەتانی ژێر 17 ساڵیدا



ئەمڕۆ لە وڵاتی ترینیداد توباگۆ پاڵەوانێتی جامی جیهانی ئافرەتانی ژێر 17 ساڵی 2010 بەڕێوەدەچێت کە 16 هەڵبژاردە بەسەر چوار گرووپدا دابەشکراون، ئەمەی خوارەوەش یارییەکانی ئەمڕۆ و سبەی ئەم پاڵەوانێتییەیە:

**یەکشەممە:**
ئەڵمانیا × مەکسیک
ترینیداد توباگۆ × چیلی
نایجیریا × کۆریای باکور
خوارووی ئەفریقا × کۆریای باشوور

**دووشەممە:**
ئیسپانیا × ژاپۆن
ئێرلەندا × بەڕازیل
کەنەدا × غانا
نیوزلەندا × فەنزویلا

# بە پێچەوانەی یاریزانانی دیکە
# ڕۆبینهۆ: ئەگەر گۆڵ لە ڕیال بکەم ئاهەنگ دەگێڕم

له دوا ساتەکانی وەرزی گواستنەوەدا، یانەی میلان بەختی بۆ ڕکابەری لە خولی ئیتاڵی و یانە پاڵەوانەکاندا زیاتر کرد، کاتێک ئیبرا و ڕۆبینهۆی بردە ڕیزەکانییەوە، سەبارەت بە ڕووبەڕووبوونەوەکەی میلان و ڕیال مەدرید لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپادا، ڕۆبینهۆ گوتی: بۆ ئەوە دەچینە برنابیۆ تاکو ببەینەوە، ڕەنگە ئەمەش ئاسان نەبێت، بەڵام من بۆ ئەوە دەچم تاکو ئاهەنگ بگێڕم، بە تایبەتیش ئەگەر توانیم گۆڵ لە ڕیال مەدرید تۆمار بکەم.



## پاڵەوانیەتیی شەترەنجی ئێراق لە هەولێر ئەنجام دەدرێت

خولی شەترەنجی یانەکانی کوردستان لە شاری هەولێری پایتەختی کوردستان ئەنجام دەدرێت و پاڵەوانی ئەو خولەیش بەشداریی خولی شەترەنجی یانەکانی عەرەب دەکات. سەرچاوەیەکی نێو یەکێتی شەترەنجی کوردستان، ئاشکرای کردووە کە لە دوای کۆتاهاتنی مانگی ڕەمەزان، پاڵەوانیەتیی شەترەنجی یانەکانی ئێراق لە هەولێر ئەنجام دەدرێت و پاڵەوانیەتیی (جام)ی ئێراقیش لە سلێمانی بەڕێوە دەچێت. جێی سەرنجە، هێشتا ژمارەی یانە بەشداربووەکانی ئەو خولە دیار نییە، بەڵام چاوەڕێ دەکرێت یانەکانی کوردستان ئەنجامی بەرچاو بە دەست بهێنن.

**هەڤاڵ ئەحمەد**

## سیدکا ناچێتە بەغدا

ڤۆڵفگانگ سیدکا، کە ماوەیەکە بە بۆندێکی 500 هەزار دۆلاری بووەتە ڕاهێنەری هەڵبژاردەی تۆپی پێی ئێراق، بە هۆی خراپیی باری ئاساییشی بەغداوە، ئامادە نییە بچێتە ئەو شارە. سەرچاوەیەکی نزیک و ئاگادار لە یەکیەتیی تۆپی پێی عێراق، ئاشکرای کرد، کە ڕاهێنەری ئەڵمانی ڤۆڵفگانگ سیدکا، بە هۆی ئەو بارە ئەمنییە خراپە ناجێگیرەی لە بەغدا هەیە، ئامادە نییە بچێتە ئەو شارە و مەشقەکانی هەر لە هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدا. جێی خستنەڕووە، سیدکا جگە لەوەی ڕاهێنەرێکی توانای جەستەیی لەگەڵدایە، هاوکات ڕاهێنەری ئێراقی نازم شاکر لە ماوەی کارەکانیدا یاریدەدەری دەبێت.

## یۆڤی داوای کەریم بنزیمە دەکا



بە پێی ئەو هەواڵەی ڕۆژنامەی ئیل کورییری دیلۆ سپۆرتی ئیتاڵی بڵاوی کردەوە، یانەی یۆڤینتۆس کار بۆ ئەوە دەکات لە وەرزی گواستنەوەی زستانەدا کەریم بنزیمەی یاریزانی یانەی ڕیال مەدریدی ئیسپانی پەلکێشی یانەکەی بکات، لەگەڵ ئەوەش مۆرینهۆی ڕاهێنەری ڕیال دووپاتی کردەوە کە بنزیمە بەشێکی گرنگە لە پرۆژە تازەکەی و خودی ئەو یاریزانەش چەند جارێک ئەوەی دووپات کردۆتەوە کە نیازی هەیە لە ڕیال بمێنێتەوە.